

# پەپوولە



محەمەد ئەمین دۆسکی



پەپوولە، بەشێوە جوانەکەی و ڕەنگە قەشەنگەکانی یەکێکە لە جوانترین زیندەوەرەکانی جیهانی ئێمە.

کاتێک لەگوڵێکەوە ئەفڕێتە سەر گوڵێکی تر و لە دەوری گوڵ و خونچەکان ئەسووڕێتەوە دیمەنێکی زۆر جوان دروست ئەکات.

پەپوولە لە ئینسێکتەکان (مێش و مەگەزەکان) ئەژمێردرێت و لەشی وەک هەموو مێش و مەگەزەکان لە سێ بەش پێکدێت: سەر و سینگ و زگ.






سەری جووتێ قۆچی هەستپێکردن و
سێ جووتە چاو و دەوێکی پێوەیە.
سینگی سێ جووتە پێی پێوەنە.
زگیشی دوو جووتە پەڕی پێوەنە.

نزیکەی (٢٥٠) هەزار جۆر پەپوولە هەنە و بەشێوەیەکی گشتیش.
پەپوولە دوو بەشن،
پەپوولەکانی ڕۆژێ و پەپوولەکانی شەوێ.

١- پەپوولەکانی ڕۆژێ: ئەمانە بە ڕۆژ دەرئەکەون و پەڕەکانیان ڕەنگین و جوانن، نەخشی هەر دوو پەڕەکانیان وەک یەکن، کاتێ لە سەر گوڵێک ئەنیشنەوە پەڕەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ستوونی پێکەوە ئەنێن، کاتێکیش پەڕەکانیان ئەکەنەوە نەخشێکی جوان ئەنەخشێنن









جووتبوونی
نێر و مێیان.



کرم خۆی لە
تەونەکەیدا ئەپێچێتەوە.

**٢- پەپوولەکانی شەوێ:** ئەم پەپوولانە بەشەو دەرئەکەون و سادە و بێ رەنگن.
پەپوولە لە (٢٠٠) تا (٣٠٠) هێلکان ئەکات. دوای دوو هەفتە هێلکەکان ئەبنە کرم، ئەم کرمانە بۆ سێ هەفتە بەرئەبنە پەلکی داران و لێیان ئەخۆن، دوایی تەونێک لە دەوری خۆ یانەوە ئەپێچن و پاش ماوەیەک پەپوولەی تەواویان لێ دەرئەچن و ئەفرن.
تەمەنی پەپوولان کورتە، پەپوولەی نێر دوای ئاوسکردنی پەپوولەی مێ ئەمرێت. مێ یەش یەکسەر دوای هێلکەکردن.
پەپوولە، بەدوو جۆر خۆیان لە دوژمنەکانیان ئەپارێزن، هەندێکیان بەرێی نەخش و نیگاری پەڕەکانیان، کە لە ناو رەنگەکانی گوڵاڵاندا خۆیان ئەشارنەوە، هەندێکیشیان لەرێی دەردانی بۆنێکی بەهێز و ژەهراوی کە دوژمنان لە خۆیان دوور ئەخەنەوە.
پەپوولە، بەکوردی زۆر ناوی هەنە وەک: پەپوولە، پەروانە، پەلپەلۆک، بەلاتینک و زۆری دی.



مێیە هێلکان ئەکاتە
سەر گەڵای داران.



پەپوولەیەکی جوانی
پەرپێچاوی لێ دەرئەچێت.



کرم لە هێلکەوە
دەرئەکەوێت.



پەڕەکانی پاک ئەکاتەوە
و ئەفڕێت.